ڕاگەیاندنی سەنتەری منالان سەبارەت بە دەستوری عێراق

# داسەپاندنی دەستوری ئیسلامی مندالان لە تراژیدیادا نوقم دەکات ..!!

پاش ماوەیەك لە گفتو گۆو هێنان و بردن ، ئەو ڕەشنووسەی کە خرایە بەردەستی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق ، خەریکە بەسەر کۆمەلگای عیراقدا دەسەپێنریت. ئەو ڕەشنووسی دەستوری عێراقە هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ دەستوری پێشوی حیزبی بەعس دا نییە. ئەگەر هەرچی زیاتر بە قوڵایی کۆنەپەرستیدا نەبرابێت ، ئەوا لە مافە ئیسنانی و مەدەنییەکانی خەڵکەوە نزیك نەکراوەتەوە. هەر لەسەرەتاوە بەیەك دێڕ هەموو ئازادییەکان لەخەڵك دەستێنێتەوە و بە یەك ووشە لە قاڵبی دەدات" الاسلام دین الدولة الرسمي. ومصدر ..." ئیتر هەموو ئەو خاڵانەی تر کە بەدوای ئەمەوە ڕیز کراون مایە پوچن و بۆ کوێر کردنی چاوی خەڵك و شاردنەوەی ئەو ناوەرۆکە دژی ئینسانی و کۆنەپەرستانەیە هۆنراونەتەوە. لە هەمان کاتدا پەرلەمانی کوردستانیش لە ڕۆژی 24 ئابدا لەسەر ڕەشنوسی ئەم دەستورە کۆبوونەوەی خۆیان بەست بۆ تاوتوێ کردنی ڕەشنوسی دەستورەکەو بە پیچەوانەی هەموو راگەیاندن‌و هەرەشەکانی ئەم ماوەیەیانەوە ، زۆر بە خیرایی پەسەندیان کرد.

گومان لەوەدا نیە کە لە سایەی دەستورێکدا کە لەسەر بنەمایی ئەحکامی کۆنەپەرستانەو دژی ئینسانی ئیسلامی دامەزرا بێت ، هیچ جێگەو ڕێگەیەك بۆ مافە ئازادیەکانی خەلك‌و بە تایبەتیش منالان ناهێڵێتەوە. دینی ئیسلام ئینسان بە عبد پێناسە دەکات‌و لەسەر ئەم بناغەیەش مافەکانی لە قالْب دەدات. مندالان کە لە ڕوانگەی ئیسلامەوە ملکەچ‌و کۆیلەی گەورەکانن، دوجار کۆتی عەبدایەتیان لە مل دەکریت. 1500 ساڵە منالان نەوە لە دوای نەوە ئەمەیان تەجرەبە کردووە ، بینیمان کە ئەم ئاینە چی پێیە بۆ منالان ؟! ئەم یاسایەی کە لەسەر بنەمای ئاینی ئیسلام دارێژراوە لێدان لە منالان نەك هەر قەدەغە ناکات بەڵکو بە شیوازێکی پێویستی پەروەردەو مەرجێکی بارهێنان دادەنێت ، ئەم یاسایە دەرسە تۆقێنەرەکانی حوجرە تاریکەکان و مزگەوتەکان یاساغ ناکات و بەسەر مندالاندا دەیسەپێنێ، سزادانی منداڵ شەرعی دەکاتەوە، ئیتاعەی گەورەکان بەسەر مندالاندا فەرز دەکات، جۆرەها توندو تیژی لە دژی منالان‌و حیجابی زۆرەملێی منالانی کچ وەك هەمیشە بەشێکی جیانەکراوەیە لە ئاینی ئیسلام و برەوی پێدەدات.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەمانە ئاشکرایە ئیتر ئەوانەی کە ئەم دەستورەیان داڕشتووە بۆ ئەوەی ڕوویان بێت نیشانی خەڵکی مەدەنییەتی ئەم سەردەمەی بدەن، ڕوتووشی ئەکەن بە هەندێك ووشەی بریقەدارو بێ ناوەرۆك لە جۆری دیموکراسی و مافی مرۆڤ و پاریزگاری‌و چاودیری‌و...چی و چی. بەلام ئەمانە ئەو قسە بێ ناورۆك‌و پوچانەن کە دەستوری سەردەمی بەعسیشیان پێ ڕتووش کرابوو. هەر ئەو دەستورەی کە منالانی پێ ئەنفال‌و کیمیابارن‌و کۆمەڵ کوژ کرا پڕ بوو لەم فڕوفیشاڵە. هەر ئەوەندەی کە دینی ئیسلام بنەمای یاساو دەستور بێت، بەسە بۆ ئەوەی هیچ ماف‌و ئازادیەکی ئینسان‌و بە تایبەت منالان مانای بۆ نەمێنێتەوە. کەواتە ئیتر یاسا دووبارە یاسای ئەنفالی منالانە ، یاسای لێدان و سوکایەتی کردنە بە منالان ، و یاسای زیندانی و کارپێکردنی منالانە ، کەواتە ئەم یاسایە ئەمانگەڕێنێتەوە بۆ ئەو سەردەمەی کە بەعس زیاتر لە 35 ساڵ بەوپێیە حوکمی ڕەشی خۆی بەسەرماندا فەرز کرد. لەم نێوەشدا لای هەموو خەڵکی کوردستان و عێراق ئاشکرایە کە یاسای بەعسیش هەروەکو ئەم یاسایە پشتی بە ئیبسلام بەستبوو!!

**خەڵکی ئازادی خواز... ڕیکخراوەکانی بەرگری کەر لە مافەکانی منالان ..**

ئەرکی هەموو ئێوەی ئازادیخوازە کە بێنە مەیدان بۆ ناکام کردنەوەی ئەم پیلانە لە دژی ئازادی ئینسان‌و بە تایبەتیش لە دژی مافەکانی مندالان داریژراوە. وەرن بۆ بەرگری لە مافەکانی منالان دەنگتان بەرز بکەنەوە. منالان بەهۆی کەمی تەمەن و نەبوونی تەجرەبەیان لە ژیاندا ناتوانن بەرگری لە خۆیان و مافەکانیان بکەن ، ئەوە کاری ئێمە گەورەکان و ڕێکخراوەکانی منالانە کە دەبێت لەسەریان وەدەنگ بێین و بەرگری لە مافەکانیان بکەین، دەبێت لە پێناوی بەرپاکردنی هەل‌ومەرجێك کە گەورەکان‌و مندالان پێکەوە تیایدا بەختەوەربن ، هەوڵ و خەباتمان بەیەکەوە گرێ بدەین و توندو تۆڵی بکەینەوە ، هەتا یاسایەکی علمانی و پێشکەوتنخواز لە عێراقدا جێگیر نەبێت مافەکانی منالان بەدی نایەت ، منالان هیچ ئاینێکیان نییە ، منالان هیچ کولتورێکیان نییە ، نابێ ڕێگە بدرێت بە ئارەزووی گەورەکان ، ئاین و کلوتور بۆ منالان دابتاشرێت لە چوار چێوەی یاسایەکی کۆنەپەرستانەی ئاینی و دژ بە منالاندا.

**نەخێر بۆ داسەپاندنی دەستوری ئیسلامی و دژی مافەکانی منالان**


**شێرزاد فاتح**

**سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالان**

www.santarimnalan.com